سەرۆکی کۆمار بەشداری لە هەردو پەیماننامەی پاراستنی میراتی کلتوور و یونیدروا واژوو دەکات

ئەمڕۆ هەینی، سەرۆکی کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بەشداری عێراق لە هەردوو پەیماننامەی ساڵی 2001 ی پاراستنی میراتی کلتوور و یونیدروا واژوو کرد بۆ گەڕاندنەوەی پارچە کلتورییە دزراوەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرۆك کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوارە دێرینەکان ئەحمەد فەکاك بەدرانی، بەشداری عێراقی لە هەردوو پەیماننامەی(2001 تایبەت بە پاراستنی کەلەپووری کلتووری ژێر ئاوکەوتوو و پەیماننامەی یونیدروای ساڵی 1995ی پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ یەکخستنی یاسایەکی تایبەت بە پارچە کلتوورییە دزراوەکان یان بەنایاساییە هەناردەکراوەکان) پەسەندکرد. ئاشکراشیکرد: سەرۆك کۆمار وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزاری ڕاسپارد بە مۆڵەت پێدان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکی نێردەی دیپلۆماسی عێراق لە فەرەنسا و نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە یونسکۆ بکات لەو بارەیەوە . هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە سەرۆك کۆمار لە میانەی ڕێوڕەسمی واژۆکردنەکەدا، کە سەرۆکی دەستەی ئاسەوار و کەلەپووری عێراق لەیس مەجید حسێن ئامادەی بوو، جەختیکردەوە: کە بەشداریکردنی عێراق لەو دوو ڕێککەوتننامە گرنگەدا بە مەبەستی پاراستنی کەلەپووری کلتووری عێراق و سووربوونی عێراق دەگەیەنێت بە گەڕاندنەوەی ئەو پارچە ئاسەوارە دزراو یان بەقاچاغ

براوان□ ب□ د□ر□و□ی و□ات.